# تونس..
# خەمەکانی دوای شۆڕش

## دەزگاکانی پۆلیس و ئاساش لەسێ بەردا کۆبوونەتەوە



IDEA DEPLOMATIC
نوسینی: ئارۆن زیلین     لەعەرەبییەوە: فاروق جەمیل

لانیکەم بارودۆخی تونس وەکو میسر خراپ نییە، پێدەچێت ئەم هەواڵانە دڵخۆشکەربن، کەلە وڵاتێکەوە دێن پێش دوو ساڵ لانکەی بەهاری عەرەبی بوو، بەڵام هەواڵە ناخۆشەکە ئەوەیە کەپەرەسەندنەکانی ئەو وڵاتە کەمتر بوون، لەپێشبینی تونسیەکانو چاودێران کاتێک کەکانونی دووەمی (2011)دا خۆپیشاندەران سەرۆک زەینەلعابدینیان ناچارکرد دەست لەپۆستەکەی هەڵگرێت، بەپێچەوانەی تەواوی حکومەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدوای شۆڕش، هێشتا تونس چانسی زیاترە، بۆئەوەی ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی تەوافوقی سەرەڕای ئاستەنگە کۆنو تازەکان کەبەدیهێنانی ئەم خەونە قورس دەکەن.

بەگوێرەی ئەوەی لەمیانی گەشتێکی توێژینەوەی نوێدا بۆم دەرکەوت تونسیەکان زۆر نیگەرانن لەبارەی ئابوریی سستی وڵاتو شڵەژانی دۆخی ئەمنیو قەیرانە سیاسیە بێکوتاییەکانەوە.

ئەو نارەزایانەی شۆڕشیان لێکەوتەوە بەهۆی نەبوونی هەلی کارکردنەوە سەرچاوەیان گرتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا تونسیەکان لەهەموو ئاستە کۆمەڵایەتیەکاندا داوای باشکردنی

باری ئابوری دەکەن، هەنوکەش تادێت زیاتر لەسەلامەتی خۆیان دەترسن، لەوانەیە تیرۆرکردنی سیاسەتمەداری عەلمانی چەپڕەو (شوکری بەلعید) ئەو مەترسیەی زیاد کردبێت و بێئومیدی کردبن لەئاست پەرتبوونە سیاسیەکانی وڵاتەکەیان.

ڕەنگە بەدینەکردنی هیچ پێشکەوتنێک لەو بوارانەدا مەترسی لای ئەو چاودێرانە دروستکردبێت، کەپێشتر ئومێدی زۆریان هەبوو، ئەگەر تونس کەوڵاتێکی بچوکی خوێندەوارو یەکگرتوو لەڕووی ئاینو نەژادەوە ئەو هەموو کێشانەی لەگەڵ گۆڕاندا هەبێت، کەواتە هەموو وڵاتانی تری بەهاری عەرەبی مەحکومن بەشکست.

لەبواری ئابوریدا لەماوەی چەند هەفتەیەکدا هەریەک لە(مۆدیز)و(ستاندارد ئاند پاوەرز) هەڵسەنگاندنیان بۆ ئابوری تونس دابەزینی بەخۆوە بینیوە، کەرتی گەشتیاری هێشتا نەگەڕاوەتەوە ئاستی پێش شۆڕش کەجاران سەرچاوەیەکی سەرەکی داهات بوو.

هەرچەندە سەردانەکەی من لەوەرزی گەشتیارانە نەبوو، بەڵام بەلامەوە سەیر بوو گەشتیارێکی ئەوروپی کەمم بینی لەتونسو سوسە.

لەلایەکی دیکەوە تادێت کەلێنی ئابوری لەنێوان ناوچە کەناراوییەکانو شارەکانی ناوەوەدا زیاتر دەبێت.

ئەم دابەشبوونەش لەلایەن گروپی (ئەنسار شەریعە) وە دەقۆزرێتەوە بۆ زەقکردنەوەی زیاتری پرۆگرامە تایبەتەکەی کە(چاودێری کۆمەڵایەتی) یە. ئەم گروپە ئیسلامیە گومانی لەسەر کەلەپشت هێرشەکانی سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەتونس بێت کەلەئەیلولی ڕابردودا ئەنجامدرا.

لەوەش گرنگتر بەبۆچوونی دیبلوماتێکی ئەمریکی کەقسەم لەگەڵیدا کرد، ژینگەی وەبەرهێنان لەتونس جێی دڵخۆشی نییە، یاساکانی دەوڵەت لەدژی ئیمتیازی کۆمپانیا بیانیەکان لەنێویشیاندا کۆمپانیا ئەمریکیەکان

> **ئەو نارەزاییانەی شۆڕشیان لێکەوتەوە بەهۆی نەبوونی هەلی کارکردنەوە سەرچاوەیان گرتبوو لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا تونسیەکان لەهەموو ئاستە کۆمەڵایەتیەکاندا داوای باشکردنی باری ئابوری دەکەن**

دەبێتە مایەی سنوردارکردنی چونە نێو بازاڕەکانی تونسەوە، بەمەش ئاسۆکانی ڕەخساندنی هەلی کار کەمتر دەبێتەوە، لەوانەیە بانکی نێودەوڵەتی ئەو قەرزە بداتە تونس کەئێستا گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێتو ئەوەش ببێتە هۆی کەمکردنەوەی هەندێک لەئاسەوارەکانو یارمەتی تونس بدات بۆ دەستپێکی ریفۆرمێکی ئابوری، بەڵام پێدانی قەرزەکە دواخراوە وەک لەشوباتی ڕابردودا ڕاگەیاندرا»کاتێک باری سیاسی ڕوون دەبێتەوە، ئەوسا چۆنیەتی یارمەتیدانی تونسمان بەباشترین شێوە بۆ دەردەکەوێت».

هەمیشە نەبوونی یاسای ئابوری سیاسی ئاستەنگی بەردەم پێشکەوتن بووە، وا دیارە لیژنەی گەڵاڵەکردنی دەستور(کەلیژنەیەکی یاسادانانەو بەرپرسە لەدارشتنی دەستورێکی نوێو (حزبی نەهزە) کەحزبێکی ئیسلامیەو لیژنەکەی بەدەستەوەیە) هەردووکیان سستی دەنوێنن، ماوەی چەند مانگێک حکومەت لەبارەی کۆمەڵێک ریفۆرمی

هەیکەلیەوە لەمشتومڕدا بوو وەک ریفۆرم لەیاسا دێرینەکانی پەیوەست بە وەبەرهێنانو کرێکاری، بەڵام تائێستا هیچ یاساییەک لەوبارەیەوە دەرنەچووە، لەوانەشە ڕۆژێک لەڕۆژان سندوقی دراوی نێودەوڵەتی یارمەتیدەربن لەکۆمەڵێک ریفۆرمدا، بەڵام ئەگەر حکومەت ئەو (18) مانگەی کەسندوقەکە دیاریکردوە چاوەڕوان نەکات، بێگومان لەتوانایدایە دۆخەکە باشتر بکات.

یەکێکی تر لەهەڕەشەکانی بەردەم دەوڵەتی تونسی ژمارەی دەرچوانی زانکۆیە، کەزیاترە لەو دەرفەتی کارەی دەڕەخسێنرێت، کاتێک لەگەڵ بەرپرسێکی سەردەمی ڕژێمەکەی بن عەلی قسەمکرد بۆی ڕوون کردمەوە کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی ژمارەی زانکۆکانی لەهەشتاکانەوە، هەموو ساڵێک نزیکەی (70) هەزار خوێندکار زانکۆ تەواودەکەنو کێبڕکێ لەسەر (30) هەزار هەلی کار دەکەن.

بەتێپەڕینی کات بێئومێدی لەڕیزی دەرچوانی بێکاردا زیاتر دەبێت، لەدیسەمبەری (2010)دا ئەمە پەرەیسەند، بەپێی ئامارێکی پەیمانگای نیشتمانی ڕێژەی بێکارییەکە لەنێو دەرچواندا گەیشتوەتە (33%).

هەروەها بارودۆخی ئاسایش لەتونس پاشەکشەی کردوە، تیرۆرکردنی بەلعید یەکەم کردەی تیرۆری کەسی لەئاستی باڵادا لەوڵاتەدا ئەنجامدرا، دوای ئەوە کەشی شڵەژانی ئاسایش بووەتە حاڵەتێکی باو، بەشێوەیەک لەشێوەکان تیرۆرکردنەکە ئەو شڵەژانەی هێنایە ئاراوە کەلەدوای شۆڕشەوە تونسیەکان لێ دەترسان، لەڕوویەکەوە کێشەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، کەحکومەتی شکستخواردو بووە لەریفۆرمی دەزگا ئاسایشیەکاندا، وەزارەتی ناوخۆ کەپۆلیسو گاردی نیشتمانی لەخۆدەگرێت ئێستا بووەتە سێ بەرەوە:

بەرەیەکیان ئێستاش سەر بەبن عەلین، بەرەی دووەم لایەنگری حزبی نەهزەنو

بەرەکەی تریش سەربەهیچکامیان نییە، هەروەها بەرژەوەندییە دژ بەیەکەکان وەزارەتەکەی توشی پاشگەردانی کردوە، بۆیە نەیتوانیوە ئاسایش و سەقامگیری بچەسپێنێت.

رەزوان ماسمودی سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەی ئیسلام و دیموکراسی لەتونس پێیوتم وەزارەت پێویستی بەبنیاتنانەوەیەکی تەواوە لەچوارچێوەی رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسادا، ئەو دەڵێت « ئاسایش مەرجی یەکەمی پێشکەوتنی سیاسی و ئابوری راستەقینەو بەردەوامە بەتایبەت لەوڵاتێکدا کەزیاتر لە(400) هەزار کەس تیایدا لەکەرتی گەشتیاریدا کاردەکەن».

سەرەڕای ئەوەی کارێکی کەمیکردوە بۆ باشکردنی باری ئاسایشی وڵات وەزارەتی ناوخۆ تۆمەتباردەکرێت، بەئامانجکردنی خەڵکی مەدەنی بێتاوان هەندێک لەچەپە ناوەندەکان لەتونس پێیانوتم کاتێک ئیسلامیەکان خۆپیشاندان دەکەن پۆلیس خۆپیشاندەران دەپارێزێت، بەڵام کاتێک عەلمانییەکان، یان لیبراڵیەکان بۆ خۆپیشاندان دەردەچن پۆلیس بەبۆمبی گازی پەلاماریان دەدات، لایەنگرانی (ئەنسار شەریعە) پێیانوتم « کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ گەمارۆی ماڵو مزگەوتەکان دەدەن و موڵکی خەڵکی وێران دەکەن و هەڵمەتی رەشبگیری ئەنجامدەدەن.

سیاسەتمەدارانی تونس کارێکی زۆریان نەکردوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، بەشێکی هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرقاڵیان بەدەرکردنی دەستور، کەلەبنچینەدا بڕیاربوو لەتیشرینی یەکەمی (2012)دا تەواو بکرایەو شەش مانگ دوای ئەوەش هەڵبژاردن ئەنجامبدرایە، کاتێکیش هەڵبژاردن ئەوەی بۆچوونی یەکێکە لەسەرکردەکانی حزبی عەلمانی ئۆپۆزسیۆن(نداو تونس) کەبەرپرسانی رژێمی پێشوی تێدایە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر کەشی سیاسی ئێستا بگرینەبەرچاو، ئەوا هەڵمەتی هەڵبژاردن دەگۆڕێت بۆ هەڵمەتی ناشیرینکردنی ئەویتر، بەو پێیەی هەردوو حزبی (نداو تونس) و (نەهزە) کەدوو گەورەترین حزبی وڵاتن زمانێکی توندی ناشیرینکردن بەرامبەر بەکاردێنن. حزبی (نداو تونس) بەئیسلامیەکان دەڵێت (مشکەکان) و حزبی (نەهزە)ش بەنەیارە عەلمانیەکانی دەڵێت (مارەکان). لەم هاوکێشەیەدا کەناشێت هیچ لایەک تێیدا براوە بێت، هەرلایەک لەو بڕوایەدایە دەتوانێت ئەویتر لەناوببات، هەروەک چالاکێکی لیبراڵی کەلایەنگری هیچ حزبێکی سیاسی نییە، پێیوتم پێشکەوتنی سیاسی بەدینایەت تا ئەو کاتەی هەر بەرەیەک نەگاتە ئەو بڕوایەی کە بەرەکەی تر لەناوناچێت «دیالۆگو رێزگرتن تاکە خاڵی لێک نزیکبوونەوەن».

شوباتی رابردو لەهەنگاوێکدا کەرەنگدانەوەی دووبەرەکی نێوان حەماوی جبالی سەرۆک وەزیران و ئەندامانی دیکەی حزبی نەهزەبوو، جبالی دەستی لەکارکێشایەوە دوای ئەوەی حزب هەواڵەکانی رەتکردەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی تەکنۆکرات، وەک رێگەیەک بۆ چارەسەری قەیرانی سیاسی.

زاواکە جبالی (مەحمود کەمون) پێیوتم پێویستە حزبی نەهزە لەسەر رێگاکەی حزبی دادو گەشەپێدانی تورکیا بڕوات، واتە ئیسلامیەتی خۆی بپارێزێت لەگەڵ رێزگرتنی بنەما دیموکراسیەکاندا، چونکە هەر لادانێک بەکارەسات دەکەوێتە بۆ تونس لەبەرئەوەی سەرەنجام حکومەتێکی لێدەکەوێتەوە کەئازادی رادەربڕین و مافەکانی مرۆڤ و کەمینەکان سنوردار دەکات، لەهەمانکاتدا کەمەترسی مەیلداری بەلای راستڕەوەکان هەیە چەپەکانی تونس دەکەونە نیگەرانی، حزبی نەهزەش مەترسی رەوای دەبێت.

ئەو حزبە کەلەسەردەمی بن عەلیدا دووچاری سەرکوتکردن بووەتەوە بەو جۆرە دەڕوانێتە حزبی (نداو تونس) کەهەوڵی زیندوکردنەوەی رژێمی کۆنەکە دەدات و دەیەوێت سەرلەنوێ ئیسلامیەکان سەرکوت بکاتەوە، هەردوو حزب و مەترسیەکانیان لەجێی خۆیدایەو ناکۆکیە قوڵەکەی نێوانیشیان، یەکێکە لەهۆکارە سەرەکیەکانی پێویستی کۆتاییهێنان بەکارکردن لەسەر دەرکردنی دەستورو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی داهاتوو لەکاتی خۆیدا.

ئەوەی سیاسەتمەدارانی تونسی و ئەو چالاکوانانە کەقسەم لەگەڵ کردون کۆدەکاتەوە، مەترسیەکانیانە لەبارەی ئایندەی وڵات ئەگەر حزبەکان لەسەر دەستور رێک نەکەون، هەروەکو مەحمودی وتی «ئەگەر پرۆژەی دیموکراسی شکست بێنێت ئەوا تاکە رێگەچارەی ماوەی لەبەردەم خەڵکدا، گەڕانەوەیە بۆ ئەو شتەی پێیدەوترێت بژاردەی شەریعەت، واتە دورینیە شکستی سیاسی پانتاییەک بۆ گروپە توندڕەوەکانی وەک ئەنسار شەریعە فەراهەم بکات کەلەدەرەوەی پرۆسەی سیاسی کاردەکات.

لەماوەی دوو ساڵی رابردودا گروپی ئەنسار شەریعە بەخێرایی گەشەیکردوە هۆکارەکەش ستراتیژی تواناکانێتی بەپێچەوانەی سیاسەتمەدارانی تری تونسەوە بەتایبەت لەفەراهەمکردنی خۆراک و ئاسایش و لایەنی تەندروستیەوە.

بەگوێرەی راپرسییەک کە(سەنتەری بیۆ بۆ توێژینەوەکان) هاوینی رابردو ئەنجامیداوە تەنها (23%)ی تونسیەکان دەیانەوێت یاسیاساکانی وڵاتەکەیان پشت بە قورئان ببەستێت، لەوانەیە بەشەکەی تری دانیشتوان لەوە بترسن شەریعەت ببێتە مایەی پاکتاوکردنی سیاسی، لەم حاڵەتەدا دەکرێت تونس بەرەو قۆناغی دوار بەرەو گۆڕان بڕوات و هەڵبژاردنێکی تر ئەنجامبدرێت و قەیرانە ئابورییەکەشی چارەسەرببێت، ئەگەر نا قەیرانی سیاسی ئێستاو ترسی گشتی لەشڵەژانەکان دەشێت هاوکێشەیەکی نوێ بێنێتە ئاراوە.

سەرچاوە:
– سایتی «الوطن»